# حوكمی حەواڵە كردنی پارە لەڕێگای ئەو بانكانەی كە مامەڵە بە ڕیباوە دەكەن

[ كردي – كوردی – kurdish ]

لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم تحويل الأموال بواسطة البنوك الربوية

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی حەواڵە كردنی پارە لەڕێگای ئەو بانكانەی كە مامەڵە بە ڕیباوە دەكەن

**پرسیار** : كەسێك دەپرسێت و دەڵێت : لە یەكێك لە بەرنامەكانی (نور على الدرب )گوێم لێ بوو كە دەیوت : مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو بانكانەی كە ڕیبا وەردەگرن حەرامە، هەروەها مامەڵە كردن بە چەكەكانیشیانەوە، منیش ناچارم پارەكانم لەڕێگای یەكێك لەو بانكانەوە حەواڵە بكەم و بینێرم، چونكە من ناتوانم بە زیاتر لە پەنجا جونەهیەوە بچم بۆ میصر و ئەو هەمووە پارەیەش لەگەڵ خۆمم ببەم، ئایا چارە چیە ؟ ئایا دروستە لەرێگای ئەو بانكانەوە پارەكان حەواڵە بكەین و بینێرین ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بانکانەی کە مامەڵەکانیان ڕیبای تێدایە و سوود وەردەگرن دروست نییە، بەو شێوەیەی کە پارەت پێ بدات و سوودی لەسەر وەربگرێت، یان بەو شێوەیەی کە داوای قەرز بکەیت لە بانك بە سودەوە، ئەمە دروست نییە، چونکە بێگومان ئەوە ڕیبایە و حەرامە، بەڵام بە نسبەت ئەوەی ماڵ و پارە و پوڵ لە بانکێکەوە حەواڵە بکەیت بۆ بانکێکی تر بۆ ئەوەی دووچاری مەشەقەت و نارەحەتی نەبیت لە گواستنەوەکەیدا، یان بترسیت لە گواستنەوەی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، ئومێدی ئەوە دەکەین کە گوناە وتاوان نەبێت، چونکە ئەم جۆرە کارانە مرۆڤ ناچارە پێی هەڵبسێت، وە یەکێکیشە لە کار و شتە ضروریەکان، وە بە ضروریش دادەنرێت، چونکە ئەو کەسە نیەت ومەبەستی پێی ڕیبا وەرگرتن یان ڕیبا دان نییە بەو بانکانە، بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە ماڵ و پارە و پوڵەکەی لە جێگایەکەوە حەوالە بکات بۆ جێگایەکی تر، ئەمەش هیچ

زیانێکی نییە، وە ( إن شاء اللە تعالی ) لەم کارەدا تووشی گوناهو تاوان نابێت ..

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : کتێبی بەرنامەکانی ( نور علی الدرب ) بەرگی ١٩ : لاپەڕە ١٣٨ .